هزرى ناوەندى كۆچ و گۆڕانكارى مێژوویی لەدیدى ویل دیورانت (كۆمەڵگاى كوردى بەنمونە، سەدەى ٦-٧ ك/ ١٢-١٣ ز)

# مركزية فكرة الهجرة والتحول التاريخي في رؤية ويل ديورانت المجتمع الكردي نموذجا: القرنان ٦-٧ هـ / ١٢-١٣ م


م.احمد عبدالرحمن احمد
ahmed.ahmed@soran.edu.iq
جامعة سوران –فاكلتى اداب–قسم التاريخ

م.هيرو عبدالله عمر
heroabdulla25@gmail.com
وزارة التربية

م.سامان عثمان عالى
Saman.alee@soran.edu.iq
جامعة سوران –فاكلتى اداب–قسم التاريخ



**الكلمات المفتاحية**: ويل ديورانت، الهجرة، التحول، الحضارة، فلسفة التاريخ

**كيفية اقتباس البحث**

احمد , احمد عبدالرحمن , هيرو عبدالله عمر , سامان عثمان عالى , مركزية فكرة الهجرة والتحول التاريخي في رؤية ويل ديورانت المجتمع الكردي نموذجا: القرنان ٦-٧ هـ / ١٢-١٣ م,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، آيار ٢٠٢٦, المجلد:١٦ ,العدد:٥ .



**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر (Creative Commons Attribution) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**Registered مسجلة في**
**ROAD**

**Indexed مفهرسة في**
**IASJ**

# Migration as a Central Factor in Historical Transformation Will Durant's Perspective with Reference to Kurdish Society (6th–7th AH / 12th–13th AD Centuries)

**Ahmed abdulrahmn ahmed**
ahmed.ahmed@soran.edu.iq
**Teacher in the Faculty of Arts -Soran University- Historical Department**

**Hero Abdullah Omar**
heroabdulla25@gmail.com
**Teacher in the Ministry of Education**

**Saman Othman Alee**
Saman.alee@soran.edu.iq
**Teacher in the Faculty of Arts -Soran University- Historical Department**

**Keywords** : Will Durant, Migration, Change, Civilization, Philosophy of History

**How To Cite This Article**

Ahmed, Ahmed abdulrahmn , Hero Abdullah Omar ,Saman Othman Alee ,Migration as a Central Factor in Historical Transformation Will Durant's Perspective with Reference to Kurdish Society (6th–7th AH / 12th–13th AD Centuries) ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, May 2026,Volume:16,Issue 5.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

[This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.](http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/)

Abstract:

The idea of migration is a comprehensive historical phenomenon. In the view of Will Durant, this phenomenon is parallel to the sense of consciousness, understanding, change and the emergence of history and a new stage in human social, cultural and cultural life,This article contains an important historical philosophical perspective. People always move

through migration for change and a new stage of life and to meet their needs. That is the center of migration It is a fundamental principle of fear and necessity, and at the same time the basic foundation of historical change,In this paper, in the light of the dimensions of this phenomenon, we emphasize Durant's views on the importance of migration and the beginning of comprehensive change and its implications for the competition and innovation of civilization we will present. Like any other research, our research consists of three main topics: the first topic, migration centers, the reasons for Kurdish migration for each reason (political, economic, scientific and religious). is devoted, additionally to research results and a list of original and secondary sources complete the structure of our study.

الملخص:

تعد فكرة الهجرة ظاهرة تاريخية متعددة الأبعاد، هذه الظاهرة من منظور ويل ديورانت متلازمة مع الوعي والإدراك والفهم والتحول، ومع تشكل التاريخ وبروز مرحلة جديدة في الحياة الاجتماعية والثقافية والحضارية للإنسان، يتناول هذا الموضوع رؤية فلسفية تاريخية ذات أهمية بالغة؛ إذ إن الإنسان، عبر الهجرة، يسعى باستمرار إلى التغيير والانتقال نحو مرحلة جديدة من الحياة بهدف تلبية حاجاته المختلفة. ومن هنا تتكون مراكز الهجرة، التي تتحول بدورها إلى مراكز حضارية، يؤمها الإنسان الضعيف والقوي على حد سواء، وكما هو واضح، فإن الهجرة تعد في جوهرها استجابة أساسية للخوف والحاجة، وفي الوقت نفسه تشكل الأساس الجوهري للتحولات التاريخية، ومن منظور ويل ديورانت، تمثل هذه الظاهرة نقطة الانطلاق لتأسيس فلسفة تاريخية،وفي هذا البحث، ومن خلال تسليط الضوء على أبعاد هذه الظاهرة، يتم التركيز على آراء ديورانت بشأن أهمية الهجرة وبدايات التفكير في التحول المتعدد الأبعاد، مع إبراز تأثيراتها في ميدان التنافس والإبداع وبناء الحضارة. كأي بحث آخر، يتألف بحثنا من ثلاثة محاور رئيسية: المحور الأول، مراكز الهجرة، وأسباب الهجرة الكردية لكل سبب (سياسي، اقتصادي، علمي، وديني). ويُخصص هذا المحور، بالإضافة إلى نتائج البحث وقائمة بالمصادر الأصلية والثانوية، لاستكمال هيكل دراستنا.

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

# هزری ناوەندی کۆچ و گۆڕانکاری مێژوویی لەدیدی ویل دیورانت (کۆمەڵگای کوردی بەنمونە، سەدەی ٦-٧ ك/ ١٢-١٣ ز)

١- م.ی. ئەحمەد عەبدولرەحمان ئەحمەد
مامۆستا لە زانکۆی سۆران- فاکەڵتی ئاداب- بەشی مێژوو
ahmed.ahmed@soran.edu.iq
٢- هێرۆ عەبدوڵلا عومەر
مامۆستا لە وەزارەتی پەروەردە
heroabdulla25@gmail.com
٣- م.ی. سامان عثمان عالی
مامۆستا لە زانکۆی سۆران- فاکەڵتی ئاداب- بەشی مێژوو
Saman.alee@soran.edu.iq

پوختە:

هزری کۆچ دیاردەیێکی مێژوویی هەمەلایەنەیە، ئەم دیاردەیە لەڕوانگەی ویل دیورانتەوە هاوشانە لەگەڵ هەستی هۆشیاری و درك پێکردن وگۆڕانکاری و سەرهەڵدانی مێژوو و قۆناغێکی نوێ لەژیانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و کەلتوری مرۆڤ، ئەم بابەتە ڕوانگەیێکی فەلسەفیانەی مێژوویی گرنگ لەخۆ دەگرێت، مرۆڤەکان هەمیشە لەڕێگای کۆچەوە بۆ گۆڕانکاری و قۆناغێکی نوێی ژیان و پرکردنەوەی پێداویستیەکانیان هەنگاو دەنێن، ئەوجێگایەش ناوەندی کۆچە، ناوەندی کۆچیش ناوەندی شارستانەیەتە کە مرۆڤی بێ هێز و مرۆڤی بەهێز ڕووی تێدەکەن، هەروەك ئاشکرایە کۆچ بنەماییێکی سەرەکی ترس و پێوویستیە، لەهەمان کاتدا بناغەی بنەڕەتی گۆڕانکاری مێژووییە، ئەم دیاردەیە لەڕوانگەی ویل دیورانتەوە دەستپێکی هێنانەکایەی فەلسەفەیی مێژووییە.

لەم توێژینەوەیەدا لەژێر ڕۆشنایی لایەنەکانی هزری ناوەندی کۆچ و گۆڕانکاری مێژوویی لەدیدی ویل دیورانت(کۆمەڵگای کوردی بەنمونە، سەدەی ٦-٧ ك/ ١٢-١٣ ز)، توێژینەوەیەکی مێژوویی شیکارییە. جەخت لە دیدگاکانی ویل دیورانت لەبارەی گرنگی کۆچ و دەستپێکی هزری گۆڕانکاری هەمەلایەنە دەکەینەوە و کاریگەریەکانی لەپێناو کێبرکێ و داهێنانی شارستانیەت دەخەینەڕوو.

پێکهاتەی توێژینەوەکەمان بەجۆرێکە، لە سێ تەوەرەی سەرەکی، ئەنجام، لیستی سەرچاوە ڕەسەنەکان، سەرچاوە لاوەکیەکان و بیانیەکان

پێکهاتووە، سەرەڕای بوونی پوختەی توێژینەوە بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی.

لە تەوەرەی یەکەمی توێژەکەماندا، ناوەندی کۆچ و هۆکارەکانی کۆچی کورد لە هەریەک لە هۆکارە(سیاسی، ئابووریی، زانستی و ئاینی) خراوەتە بەر باس، لە تەوەرەی دووەمدا، تیشک خراوەتە سەر ناوەندەکانی کۆچ بۆ کردن، لەوانە (شام، بغداد و میسر)، تەوەرەی سێیەم و کۆتایی، بۆ کاریگەرییەکانی چونی کورد بۆ ناوەندی کۆچ تەرخان کراوە، سەرەڕای ئەمانەش ئەنجامەکانی توێژینەوە و لیستی سەرچاوە ڕەسەن و لاوەکیەکان پێکهاتەی توێژینەوەکەمان تەواو دەکەن.

کلیلە وشە: ویل دیورانت، کۆچ، گۆڕانکاری، شارستانیەت، فەلسەفەی مێژوو.

## پێشەکی

کۆچ دیاردەیەکی جیهانی کۆمەڵایەتییە، بەمانای جێگۆڕکێی نیشتەجێبوونی تاکە کەس یان کۆمەڵە کەسێك دێت، لە شوێنی نیشتەجێ بوونی سەرەتای بۆ شێنێکی نوێتر کە بیەوێ ژیانی تێدا بەردەوام بکات، کە هەندێک جار ئارەزوو مەندانەیە و هەندێک جاریش بە پێچەوانەوە، هۆکاری کۆچ کردنەکە و ئەو شوێنەی کە کۆچی بۆ دەکرێت بڕیار لەسەر جۆری کۆچکردنەکە دەدات، کوردەکانی هەرێمە کوردنیشینەکان لە سەدەکانی ناوەڕاست و بە تایبەتی لە سەدەکانی ٦-٧ ك/ ١٢-١٣ ز، چەند مەبەستێکی جیاوازی وەک ترس، پەیدا کردنی بژێوی ژیان، دەستکەوتنی زانست، بە دەست خستنی زانیاری ئاینی بەناچاری کۆچی پێکردوون، چەندین زانیاری لەبارەی کۆچ و جۆری کۆچ و هۆکارەکان و شوێنی کۆچ بۆکردن لە سەرچاوە مێژووییەکان خراونەتە ڕوو، بەڵام ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ تاوتوێکردن و تیشک خستنە سەر هزری ناوەندی کۆچ و گۆڕانکاری مێژوویی لە دیدی ویل دیورانت، کە لەسەر کۆمەڵگای کوردی لە سەدەکانی ٦-٧ ك/ ١٢-١٣ ز) جێبەجێکراوە.

**گرنگی بابەتەکە** لەم توێژینەوەیەدا لەوەدایە، توێژەران بە گشتی مەرامیان زانینی دید و بۆچوونی ویل دیورانتی (١٨٨٥-١٩٨١)ز) گەورە فەیلەسوفی ئەمریکییە، لەبارەی هزر و ناوەندی کۆچ، تیایدا تێڕوانینەکانی بە سەر ئەم ناوچانەی کوردەکان کۆچیان بۆ کردووە جێبەجێکراوە، لەگەڵیشیدا هۆکارەکانی کۆچکردن و گۆڕانکارییە مێژووییەکان لە کۆمەڵگای کوردیدا لە سەدەکانی ناوەڕاست و بە تایبەتی سەدەکانی ٦-٧ ك/ ١٢-١٣ ز خراوتەڕوو، بەجۆرێك ئایا کۆچ کردن چ کاریگەرییەکی کردۆتە سەر ژیانی

کۆمەڵایەتی و کەلتوری مرۆڤ؟ لەم ڕێگایەشەوە چۆن پێداویستییەکانی خۆیان پڕ کردۆتەوە؟ دەرونیان بەم کۆچکردنە ئارامتر بووە؟ یان بە پێچەوانەوە؟

لەهەمان کاتدا دیدگاکانی دیورانت لەبارەی گرنگی کۆچ و دەستپێکی هزری گۆڕانکاری هەمەلایەنە بەلامانەوە گرنگن و دیدگاکانی جێگای پرسیارن بۆ ئێمە، سەرەڕای کاریگەریەکانی لە پێناو کێبرکێ و داهێنانی شارستانیەت کە لەم ڕوانگەیەوە ویل دیورانت، پێی وایە کە تاک کۆمەڵگای خۆشناوێت، بەڵکو ترسی لە تەنیایی هەیە و بۆیەش کۆچ دەکات.

**پالنەر و هۆکارەکانی** دەستنیشانکردنی بابەتەکەمان لەژێر ناونیشانی سەرەوە، زانینی گرنگی دید و هزری و ویل دیورانتە لە تێگەیشتن بە مێژوو، کە ویل دیورانت مێژووی بە پرۆسەیەکی زیندوو دەبینی کە کۆچ و شەڕ و گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی هێزی سەرەکین، دەستنیشانکردنی ئەم دیدە یارمەتی دەرێکی باشە کە مێژووی کورد بەشێوەیەکی سیستەماتیک و فەلسەفی بخوێندرێتەوە و کاری لەسەر بکرێت و نەت هەر تەنها وەک ڕووداوێک سەیری بکرێت، ئەم گۆڕانکارییانەش باشترین هەلن کە ڕێک کەوتوون بۆ ئەوەی بەشێوەیەک تاقیکردنەوەی تیۆریی کۆچ و تیۆری گۆڕانکاری لە داهاتوودا لەسەر ئەنجام بدرێت، هۆکارێکی تری دەستنیشانکردنی ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بەشی زۆری توێژینەوەکان دەربارەی مێژووی کورد زیاتر باس لە ڕووداوەکان دەکەن، کەمتر شێوەی تیۆری وەک دیدی دیورانت سەیری بابەتەکان دەکەن و دەڕاونن. کە دەبێتە هۆی پڕکردنەوەی بۆشاییەکی زانست، جگە لەوەی ڕێگای توێژینەوەی فەلسەفی لە مێژووی کورد بەرەو پێشتر دەچێت.

**ئەم توێژینەوەیە لەڕووی ڕێبازەوە**، توێژینەوەیەکی مێژوویی شیکارییە و میتۆدی شیکردنەوە و بەدواداچوون بەراوردکاری زانیارییەکان تیایدا بالادەستە و بەشێوەیەکی سەرەکی پشی پێ بەستراوە.

**مەبەستی توێژینەوە**، زانینی هزر و بۆچوونی ویل دیوارانتە لەسە ناوەندی کۆچ و گۆڕانکاریە مێژوویەکان، لە چوارچێوەی بە ئەنجام گەیاندنی توێژینەوەیەکی زانستیدا، ئەمە و جگە لەوەی بتوانین خزمەتێک بە پەرتوکخانەی مێژووی کورد و بکەین و بەرەو پێشەوەی ببەین.

**کێشەی توێژینەوەمان** تاڕادەیەک بریتی بوولە کەمی و پەرت و بڵاوی سەرچاوەکان، بەتایبەت دید و هزری گەورە فەیلەسفی ئەمریکی ویل دیورانت و دید و بۆچوونەکانی کە تاڕادەیەک شیکردنەوەیان و تێروانینیان لەسەر کۆچ بە ئاسانی دەستمان پێ نەدەگەیشت.

**توێژینەوەکانی پێشوتر** لەسەر بابەتی نزیک لە توێژینەوەی ئێمە یان هەمان بابەتی ئێمە، کە باس لە لایەنی فەلسەفی مێژوویی و شارستانیەت و کۆچ بکات بە تایبەتی کۆچ و هزری فەیلەسوفێک لەسەر ناوەندی کۆچ و گۆڕانکارییە مێژوویەکان بکات کەمە یان بەبەرچاو نەکەوتوون، ئەم بابەتە کەم و زۆر لەناو ئەو پەرتوکانەی باس لە شارستانی بەگشتی و کۆچ و گرنگیەکەی و لێکەوتەکانی کۆچ دەکەن بە پەرش و بڵاوی بەبەر چاو دەکەوێت و باس دەکەن و کۆمان کردونەتەوە و لە چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیە ڕێکمان خستووە، بەتایبەت سوود لە هەردوو پەرتووکی (مێژووی شارستانیەت)ی فەیلەسوف (ویل ئاریل دیورانت)، کە باس لە شارستانیەت دەکات و پێی وایە کە کۆچ هۆکارێکی سەرەکیە بۆ گواستنەوەی کەلتوور و زانیاری، جگە لەوەش بەزۆری شارستانیەتەکان بەهۆی هێرش و پەلامار یان کۆچی گەلان گۆڕانکاریان دروستکردووە و شارستانیەتی نوێ هاتۆتە ئاراوە، هەرچی پەرتوکی (موقەدیمەی ئیبن خەلدون) ی (عبدالرحمن بن خەلدون)ە. کە باس لە بابەتی شارستانی بە گشتی و کۆچ بە تایبەتی (ژیانی شار ، گوند ، کۆمەڵگای پێشکەوتوو ، کۆچ، هێز ،یەکگرتوویی، پێشکەوتن و لاوازی پەیوەندی کۆمەڵایەتی دەکا، جگە لەوەش باس لە دروستکردنی دەوڵەت لەڕێی کۆچ بۆ کردن دەکات، کە کۆچەری بەهێز دەست دەکەن بە دروستکردنی دەوڵەت ودواتر شارستانیەت دروست دەکەن و دەگەن بە خۆشگوزەرانی، پاشانیش هەر ئەوانەی کۆچیانکردووە لاواز دەبن و دەولەتەکەیان دەڕوخێت و دووبارە هەندێکی تر کۆچ دەکەن و ئەم پرۆسەی دەوڵەت دروستکردن دووبارە دەکەنەوە، بە گشتی هەردوو پەرتووک زۆر بەسوود بوون بۆ بەکۆتا گەیاندنی توێژینەوەکەمان و زۆرترین سودی بە توێژینەوەکەمان گەیاند.

**پێکهاتەی توێژینەوەکەمان** بریتییە لە سێ تەوەرەی سەرەکی، لە تەوەرەی یەکەمدا، ناوەندی کۆچ هۆکارەکانی کۆچی کورد لە هەریەک لە هۆکارە(سیاسی، ئابووریی، زانستی و ئاینی) خراوەتە بەر باس، لە تەوەرەی دووەمدا، تیشک خراوەتە سەر ناوەندەکانی کۆچ بۆ کردن، لەوانە (شام، بغداد و میسر)، کۆتا تەوەرەش کە تەوەرەی سێیەمە، بۆ کاریگەرییەکانی چونی کورد بۆ ناوەندی کۆچ تەرخان کراوە، سەرەڕای

ئەوەش لە ئەنجامەکانی توێژینەوە و لیستی سەرچاوە ڕەسەن و لاوەکیەکان پێکهاتەی توێژینەوەکەمان تەواو دەکەن.

## تەوەرەی یەکەم: ناوەندی کۆچ هۆکارەکانی کۆچی کورد

### یەکەم: هۆکاری سیاسی

کۆمەڵێک هۆکار پاڵنەری پشت کۆچ کردنن لەسەرووی هەموویانەوە باردۆخی سیاسی که بەدرێژای مێژووەوە پاڵنەری پشت کۆچی مرۆڤەکان بووە، لە شوێنێک بارگە و بنەی خۆیان بگوازنەوە بۆ شوێنێکی تر و تیشك دەخرێتە سەر ئەم ناوچەیەی کۆچی بۆ دەکەن، دیاردەی کۆچیش مەبەست لێی تێگەیشتنە لەبزاوت و جوڵەی مرۆڤەکانەوە، کە بریارێکی چارەنووس سازە و جێگای سەرنجی داڕێژەرانی سیایەت و سیاسەتمەدارانە. (Frouws, 2021, 2)

بۆ قوڵ بوونەوە لەکۆچ و تێگەیشتن لێی، پێویستە لەکرۆکی ئەم دیاردەیەوە دەست پێبکەین، مەبەستمان لێی تاکەکەسە، بزوێنەر و پاڵنەری سەرەکی ئەم دیاردەیەیە، لەسەر بنەمای ووتە بەناوبانگەکەی سوکرات کە گوتویەتی :(من نەئەسینا و نە یۆنانیم، بەڵکو هاوڵاتیێکی ئەم جیهانەم). (Tataru, 2019, 12)

ئەوەش وایکردووە مرۆڤەکان زۆرجار سنووری ڕەگەزی و ناوچەیی و شوێن تێپەڕێنن، بارودۆخی سیاسی بە دوو شێواز کاریگەری لەسەر کەسی کۆچبەر هەیە، یەکەم پاڵنەر لەشێوەی گوشار یان ژیان تەنگ کردن و مەترسی خستنە سەر، تاک بێ یا کۆمەڵ، جۆری دووەم پەلکێش کردن، ناوەندی کۆچ بۆ کردن چەندین هۆکار دەداتە دەست کەسی کۆچبەر تا ڕووی تێبکات؛ کەواتە بەشێوەیێکی سەرەکی دیاردەی کۆچکردن لەڕێگەی هۆکارەکانی پاڵدان و ڕاکێشان (الطرد و الجذب) شیکردنەوەی بۆ کراوە، ئەم پاڵنەرانەی مرۆڤەکانی ناچار کردووە ووڵاتی خۆیان جێبهێڵن بەهۆکاری (پاڵدان) دەستنیشانکراوە، دۆخەمخراپ و نەرێنیەکانی ووڵاتەکەیان هۆکار بووە، لەکاتێکدا چەند لایەنێکی ئەرێنی لە ووڵاتێکی تردا مرۆڤەکان ڕادەکێشن و پەلکێشیان دەکەن بەهۆکاری (ڕاکێشان) دەستنیشانکراوە، چونکە کاتێک مرۆڤ ناوەندێکی شارستانی ئاوا دەکات خەلکی ڕووی تێدەکەن. (Tataru, 2019, 22؛ دیورانت، ٢٠٠٧، ٢٨، ٦٥، ٧٨).

ویل دیویرانت پێی وایە بەدرێژای مێژوو ئەگەر برسێتی و خۆشەویستی پێداویستییە بنەڕەتییەکانی ژیان بن، ئەوە ئەرکە سەرەکییەکانی ڕێکخستنی کۆمەلایەتی بریتی دەبن لە دابینکردنی سەرچاوە ئابوورییەکان و درێژەدان بە مانەوەی ڕەگەز لە ڕووی بایولۆژییەوە، چونکە پێکەوە بەستانی وەچەکان هێندەی خواردن کاریکی ڕێکخراوەییە بۆیە دەبینیت کۆمەڵ لەپاڵ سیستمە کۆمەلایەتییەکانیدا کە ئاسوودەیی ماددی و ڕیسای سیاسی فەراهەم دەکەن چەند سیستەمێکی تر زیاد دەکات کە درێژە دەدەن بەمانەوەی مرۆرڤ لەتوخمەکەی خۆیدا، بارودۆخی سیاسی ڕۆلی زۆر گرنگ دەگێڕێت لەوەی ئەم ناوەندە سیاسیە تاچەند


(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

توانای هەیە ئارامی بۆ بەردەوامیدان داپڕێژێت(ویل دیورانت،٢٠٠٧ ،١/ ٧٩؛ ئیبن خلدون، ٢٠١٦، ٤٢٨/١)

هەندێك لەدەسەڵاتداران بارودۆخی سەخت دەخولقێنن و ژیان لەخەلکی تەنگ دەکەن، دەسەڵاتی خۆجێیی بێ بەها دەکەن، قۆرخکاری سیاسی و ئابووری دەکەن، لەوانەش سوڵتان "سنجر" (٥١١- ٥٥١ك/ ١١١٧- ١١٦٨ز) بە ئارەزووی خۆی باجی لەسەر هەموو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی داناوە، ئەمەش واتای ئەوەیە کە دەسەڵاتی ڕەهای سیاسی بەویست و ئارەزو بەکارهێناوە (الراواندی، ٢٠٠٥، ٢٦٠)، هەموو ئەو بارو دۆخانە پاڵنەرن کە خەلکی پێشوتر ئەگەر هاوسۆزیان بۆ دەسەڵاتی خۆجێیی هەبوویێت و وولاتیان جێبهێلن بە نمونە شاعیر (ابن الاسدی الفارقی) دوای ڕووخانی میرنشینی مەڕوانیی لەلایەن سەلجوقیەکان وایکردووە ئەم گۆڕنکارییە سیاسیەی پێ ڕەوا نەبێت و بەرەو حەلەب کۆچی کرد (السیوطی، ١٩٧٩، ١/ ٥٠٠.)، چۆن بارودۆخی سیاسی پاڵنەرە بە هەمان شێوەش پەلکێشکەرە، بەنمونە کاتێك دامەزراندنی دەوڵەتی ئەیوبیی لەلایەن ئەیوبییەکان دەستی پێکرد ئارامی و ئاسایشیان بەرقرار کرد، ئەمە وایکرد ژمارەیەکی زۆری کورد سنورێکی زۆر دوور درێژ ببڕن لە ناوچە کوردنشینەکان کۆچ بکەن بۆ ناوچەکانی ژێر دەستهەڵاتی دەوڵەتی ئەیوبیی، لەم جۆرە کۆچە سیاسیە بوونیان هەیە، لەوانە قەتەبەددین خسروکوری تلیل هەزبانیی" هەولێر و دادوەر "زیائەددین عیسا هەزبانیی مارانیی یەکێک بووە لە دادوەرە هەرە بە تواناکان لە میسڕ. (ابن خلكان، ١٩٩٤، ٣/ ٢٤٢.)

لە شاری هەولێر (اربل) و "سەیفەددین عەلی مشتوب هەکاریی" لە هەرێمی جەزیرە کۆچیان کردووە بۆ میسڕ و شام، ئەمانە کوردن لە ناوچەی جیا جیا کۆچیان کردووە بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەیوبیی و خزمەتیان بەو دەوڵەتەوە کردووە(ابن الاثیر، د.ت، ١٤١-١٤٢؛ ابن واصل، ٢٠٠٩، ١/ ١٦٨).

نائارامی سیاسی هەمیشە پاڵنەرێکی زۆر گرنگی کۆچ بووە لەمێژووی کورددا، لە ساڵی (٦٥٢ / ١٢٥٤ز) شەڕ و ناکۆکی کەوتۆتە نێوان ابو حسن بەرکاتی برازای شێخ عدی کوری مسافرلەگەڵ بەدرەدین لؤلؤ سەرداری موسل، کە کوشتاری زۆر دەرهەق بە لایەنگرانی شێخ عەدی کرا، خودی شێخ حسەنی جێگرەوەی شێخ عەدی کوژرا، دەکرێت ئەم نائارامیە خەلکێکی زۆری کوردی کۆچ بەری وڵاتان کرد بێت( ابن الفوطی، ١٩٩٥,٣١٥ - ٣١٦ )، چونکە پاڵنەری سیاسی بەگرنگترین هۆیی کۆچ دادەنرێت، تەنانەت هەندێك جار تەوەرێکی بەرچاوی لەناکۆکیە سیاسیە ئاڵۆزەکان پێك هێناوە( Skerntny,2013, 139 ).

ناوەندی کۆچ کار دەکاتە سەر هۆکارەکانی پاڵدان و ڕاکێشان (الطرد و الجذب)کار لەسەر بڕیاری کۆچکردن دەدات، فاکتەرەکانی پاڵنەر ئەمانەن کەمرۆڤ ناچار دەکەن وڵات جێبهێڵێت، بە پڕوای ویل دیورانت توخمەکانی ژیار و فاکتەری ڕاکێشان ئەم هۆکارانەن مرۆڤ بۆ وڵاتێکی نوێ پەلکێش

دەکەن، دەکرێت هۆکارەکانی پاڵنان و ڕاکێشان ئابووری یان ئابووری نەبن، بەڵام هۆکاری سیاسی وەك گۆشەگیری و شەڕ پالنەری کۆچن، لەپاڵ ئەم هۆکارانە هۆکاری تریش هەن کە ناوەندی کۆچ وادەکات خەلکی ڕووی تێبکەن، لەسەرووی هەموویان ئارامیی سیاسی و ڕەخساندنی هەڵی کار و ڕەخسانی هەڵی خوێندن و نەبوونی پشێویی (ویل دیورانت، ٢٠٠٧،١/ ٢٢-٢٣، ٦٦-٦٨، ٧٧- ٧٨؛ Wright, 2017,2؛ ئیبن خلدون، ٢٠١٦، ٢٨/٢)

کاتێك کۆچبەری دەبێت بە پرسێکی سیاسی بەرچاو، دەتوانێت کاریگەری بەسەر سیاسەتی گشتیدا هەبێت، چ وەک پاڵنەر چ وەک پەلکێش کردن، ناوەندی کۆچ ئەم ڕۆلە دەگرێت بە نموونە ئەحمەد کوری عەبدولسید کوری شعبان ئەربیلیی" (٥٧٢-٦٣١ك/ ١١٧٦-١٢٣٣ز)، ئەم کەسایەتییە لە بنەماڵەیەکی گەورە بووە لە شاری (اربل) هەولێر بە هۆی کێشە لەگەڵ فەرمانڕەوایی شاری هەولێر (اربل) موزەفرەددین کوکبری، ناچار بووە بۆ وڵاتی شام کۆچ بکات و پەیوەندی بە ئەیوبییەکانەوە بکات(الهسنیانی، ٢٠١٢، ٨٠-٨١؛Hangartner, 2023, 3).

نموونەی تری بەرچاو لەم قۆناغەی مێژوویدا هەن، وایکردووە کوردەکان بە هۆکاری سیاسی کۆچ بکەن، بەهۆی بوونی هاوبەشە کەلتوورییەکانیان لەگەڵ ئەو هێزەی ناوەندی کۆچی بەڕێوە بردووە، چونکە بە بڕوای ویل دیورانت مرۆڤ بە خواست و ئارەزووی خوی بونەوەرێکی سیاسی نییە، هەرکەسێك لەگەڵ هەوڵەکانیدا یەکانگیر بێت ئارەزوو و خولیای خۆی پاڵنەر نین بۆ ئەو یەکانگیر بوونە هێندەی ئەوەی داب و نەریت و بارودوخی نا هەموار پالی پێوە دەنێن، چونکە تاك ئەوندەی لە تەنهایی دەترسێت ئەوەندە کۆمەڵگەی خوش ناوێت بۆیە لەگەل خەڵکانی تردا یەك دەگرێت، چونکە گۆشەگیریی دووچاری مەترسیی دەکات، بێجگە لەوەی شتێکی زۆر هەن دەشێت بەهاوکاری کەڵکی زیاتر بگەیەنن تا بەدەست بۆ بردنی تاکە کەسییانە، لێرەوە هەر مرۆڤێک لە ناخی خۆیدا بوونەوەریکی کیوییە، چۆن دوژمن بەرەو ڕووی دوژمنەکەی دەبێتەوە ئەمیش بەهەمان شێوە بەو پەری قارەمانیتییەوە بەرەو ڕووی دنیا دەبیتەوە، ئەگەر هەموو شتێک بەخواستی مرۆڤ بەڕێوە بچووبوایە ئەگەری زۆر هەبوو دەوڵەت هەر بوونی نەبووایە، کەوایە تێدەگەین ناوەندێکی کۆچ ناچارییە کە مرۆڤ ڕیی تێدەکا، چونکە پاڵنەر و پەلکێشکەری مرۆڤ ڕەخساندنی دۆخی خوازیاری کۆچن، هێزی سیاسی کاتێک ئارامی مسۆگەر دەکات لەبەرامبەریشدا دەیەوێت کەڵك لە توانای خەڵکی وەربگرێت بۆ بەرژوەندیە سیاسیەکانی،( ویل دیورانت، ٢٠٠٧ ،١/ ٦٢، ٦٣؛ ئیبن خلەون، ٢٠١٦، ٢/ ٧٨، ١٠٠-١٠٥، ٢٧٨) چونکە کۆچکردن گۆرینی هەمیشەیی شوێنی نیشتەجێبوونە لە ژینگەیێك بۆ ژینگەیێکی تر، لەپێناو بەدەستهێنانی سەقامگیری سیاسی، ئەم گۆرانکارییەش تەنها بەدانیشتوان پەیوەست نەکراوە، بەڵکو پیشەکانیش دەگرێتەوە، لەپاڵ پچڕانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە کۆنەکان و دروستکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی نوێ،(فاطمة،٢٠١٤ ١٦٩،١٧٠).

کۆچکردن پەیوەندییێکی بەهێزی بەئازادی بیروڕا هەیە، دەکرێت میتۆدێکی دژایەتیکردن بەسیاسەتەوە پەرە پێبدات، چونکە بەدرێژای مێژوو وا باو بووە نا دادپەروەری تاکەکان بەرەو وازهێنان لە هاوڵاتی بوون ئاراستە دەکات، بۆیە ویل دیورانت ئاماژە بۆ ئەوە دەکات بەتایبەتی کاتێك یاسا یەکسانی و دادپەروەری نانوێنێت سیاسەتیش بۆ دەوڵەتداری نیە و بۆ بەرژوەندی کەسییە، کۆچ بۆ ناوەندی کۆچ بژاردەیەکی بنەڕەتیە.(ویل دیورانت، ١،٢٠٠٧/ ٦٣-٦٥؛ فاضل، ٢٠٢٥، ١).

لێکۆلینەوە لەکۆچبەری و کاریگەری و پاڵنەرە ئابوورییەکان بابەتێکی گرنگی لەهزر و شیکردنەوەی توێژەراندا داگیرکردووە، بەشێکی دانەپراوی ئەجێندای سیاسی نێودەوڵەتی پێکهێناوە لە هەموو قۆناغەکانی مێژووی مرۆڤایەتی لە چاخی سەرەتایی و ڕواکردن دا تاکوو سەردەمی ئالۆزی پەیوەندیەکان.(Tataru, 2019, 12؛ ویل دیورانت،٢٠٠٧,١/ ٢٦-٢٧، ٧٨، -٧٩، ٢٣٠، ٢٣٣)

## دووەم: هۆکاری ئابووری

ناوەندی کۆچ شوێنێك بووە ماوەیەکی درێژ چەقی تێکەڵبوونی هاتوچۆی مرۆڤەکان بووە، بۆیە ویل دیورانت ئاماژەی بۆ دەکات بێ ئەوەی تەنها لە شوێنێکی تایبەت و جوگرافیایەکی دیاریکراو بن، بەڵکو وەك قۆناغێکی گەورەی ژیان و گۆڕانکارییان بەسەر داهاتووە هەرجارە و ناوچەیەک چەقی کۆچ و ناوەندی کۆچ بووە، لەمێژووی مرۆڤایەتی ڕۆژگارێك دۆلی دوو ئاوان و دۆلی نیل ناوەندی کۆچ بۆ کردن بوونە، لە قۆناغێکی تردا شام و لەسەردەمێکی تردا دۆلەکانی سند و وڵاتی پشت ڕووبار یان قوستەنتینە و قاهیرە و بەغدا و دیمەشق شوێنی ڕوو تێکردنی خەڵکی بوونە، چونکە لە سەرەتای بوونی مرۆڤدا، ناوەندی کۆچ پەیوەست نەبوو بە گەشت وگوزار بەڵکو بۆ پڕکردنەوەی پێویستی و دۆزینەوەی خۆراک، ئاوی خواردنەوە و خۆ پاراستنی لە مەترسییەکان، کە ناچاری کردوە کۆچ بکات ناوچەکەی جێبهێڵت، ئەم جۆرە کۆچانە بوونە یەکەم هۆکار بۆ بڵاوبوونەوەی مرۆڤ لە شوێنێکی سنووردار بۆ ناوچەیێکی فراوانتر، ناوەندی کۆچ وەک خاڵی دەستپێک بۆ پڕکردنەوەی پێوستی سەریهەڵدا، واتا پێویستیەکان خاڵی پشت دروستبوونی ناوەندی کۆچن.(ویل دیورانت، ٢٠٠٧، ١/ ٢١-٢٣، ٢٣٤- ٢٣٥؛ ئیبن خلدون، ٢٠١٦، ١/٣٤٢-٣٥٨).

زۆر ناوچەی ئەلقەی پەیوەندی بازرگانی لە ناوچە کوردییەکان هاندەر بوون بۆ ئەوەی کورد ئاگای لە ڕووداوەکان بێت، لەوانە شارەکانی وەک شەنگار، هەولێر، خەلات، ئامەد و نسێبین، ناوچەکانی شارەزوور وەک ڕێگایەکی بازرگانی هەڵکەوتبوون کاروانەکان لەنێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوا ڕێگایان لەیەکێک لەوشارانەی کورد دەکەوت، بۆیە بوون بە ناوەندی بازار و ڕێگای کاروانەکان، کە لە وڵاتی شام جوڵەیان دەکرد، ئەم ڕێگایە گەشەسەندن و ئاوەدانی و وشیاری لەگەل خۆی ئەهێنا وایکرد خەلکی


Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)
مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

ئاگایان لە هەواڵ و ڕوداوەکانی خۆرهەڵات و خۆر ئاوایێت و ئاگادارىن کامە ناوەندی بازرگانی مەیدانی ساخکردنەوەی کاڵایە، کامەیان بازاڕەکانی جمەی دێت و ئاگاداری ئەوەش بن چەقی ناوەندەکانی کۆچ کە ناوەندی هێز و ئارامی و ناوەندی ئابووریە(ناصر خسرو ، ١٩٩٣، ٥١،٥٥ ؛ القلقشندی، د.ت، ٧/ ٢٧٩ ؛ عبد الرقيب يوسف، ١٩٧٥، ٢/ ٣٢٨، ٣٤٦؛ کی لسترنج :١٩٨٥،١٢٠.)

لە ڕێگەی حەران فۆرات، کاروانە بازرگانیەکان بۆ وڵاتی شام دەچوون، لەگەڵ وڵاتی شام و شەنگار بەردەوام دەبوون .لە نێوان وڵاتی شام و شەنگار، ئالوگۆری خورما و هەنار و سماق و گوێزی پاککراو بە بەرهەمێکی نوێ دەرچوو .بەهۆی ئەم چالاکیی بازرگانییە، ڕێگایەکی نایاب و باش بۆ خەڵکی وڵاتی شام، دیارەبەکر، و وڵاتی روم هەبوو، و بازرگانی لە ناوچەکانی سەرەتای تێکەڵبوونی ناوچەکان ئەمەش وایکرد خەلکی ڕووە و ناوەند بچن کە کاروانەکانی بۆ دەچن (ابن جبير، د. ت، ٢١٤ ، ٢٢٢ -٢٢٣ ؛ حسن، ٢٠١١ ، ١٨٩)

نمونەی پاڵنەری ئابووری بە پەلکێشکردن و پاڵنەریش زۆرن لەمێژوووی کوردا، چونکە هندێک جار بنەماڵەی زۆر ناوداری بارودۆخی سەختی ئابووری تەنگی پێ هەڵچنیون کۆچی پێکردوون، بەنموونە بەهۆی خراپی گوزەران لە شاری ئاینی لەسەردەمی دەسەڵاتی سەلجوقیەکان لە ساڵی (٥٥٠ک /١١٥٥ز" )فەخرەددین شەدادیی کوری مەنوجەهر "لە شاری ئاینیەوە -بارەگای میرانی شەدادیی کۆچی کردووە بۆ لای "ئەسەددەین شێرکۆ"، چونکە لە ئەسڵدا یەک بنەماڵەن سەر بە بنەماڵەی "ئەبو ئەلساوری کوری مەنوجەهری شەدادیی "کوردی بوون(الفارقی، ١٩٥٩، ٢٢٣-٢٢٤).

بە درێژای مێژوو ئابووری وایکردووە تاکەکان لەسەر ویست و ئارەزووی خۆیان وڵاتەکانیان جێبهێڵن و ڕوو لەناوەندەکانی کۆچ بکەن، چونکە پێوستیەکان بنەمای هەرە گرنگی بەردەوامی بوونن(Frouws, 2021, 3) هۆکارە ئابوورییەکان پاڵ بەمرۆڤەکانەوە دەنێن بەهۆی دۆخێکی ئابووری نا لەبار و بێکاری و نەبونی هەلی کاری زۆرتر و هەمەجۆرتر لەناوچە هەژارەکانەوە بۆ ناوچەیێکی پێشکەوتووتر کۆچ بکەن، کۆچبەران کاریگەریەکی گەورەیان لەسەر ئەجێندای ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی وولاتان و دەزگا حکومیەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هەیە، هەر لەسەرەتایی دەرکەوتنیەوە بە سود و زیانەکانیەوە کاریگەری لەسەر ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی وولاتاندا دروستکردووە(Tataru, 2019, 11, 2)؛ ویل دیورانت، ٢٠٠٧،١ /٢١-٢٣)بۆیە کۆچبەری لەدێر زەمانەوە مشتومڕی لەنێوان ئابوریناساندا دروستکردووە (Card, 2009,1 ).

بەتێگەیشتینی ویل دیورانت پاڵنەرە کۆمەڵایتییەکانی کۆچکردن پەیوەندی ڕاستەوخۆیان هەیە بەپاڵنەرە ئابورییەکان، (ویل دیورانت، ٢٠٠٧، ١٩-٢١)، چونکە بێکاری و نزمی ئاستی بژێوی تاکەکان بۆتە هۆکاری ئەم کۆچە،

دیورانتیش ئەم خالەی بە گرنگ لەلای مرۆڤەکان زانیووە، هەرچەندە هۆکاری ئابوورین، بەڵام کاریگەری نەرێنی کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئەمنی لەکۆمەڵگادا بەجێدەهێڵن( شعبان، ب.س ،٧ )، چونکە بەدرێژایی مێژوو کۆچکردن بە فاکتەری ئابورییەوە لەپێناو ژیانێکی شایستەو گەشەسەندنی مرۆڤەکانەوە بەستراوەتەوە(فاضل، ٢٠٠٥، ٧).

بۆیەش لەم قۆناغە ژمارەیەکی زۆر کەسی بازرگان و خاوەن سامانی کورد و سامانەکانیان کۆچیان کرد بۆ ناوەندی کۆچ بۆ وڵاتی میسر کە لەم قۆناغدا لەسەردەستی ئەیووبیەکان لەگەشەکردن دابووە، بەنموونە (ئەحمەد کوڕی سەعید کوڕی حمیدان فارقی یەکێک بووە لە سەرمایەدارە کوردەکان لەم قۆناغە بۆ کاری بازرگانی کۆچی کردووە بۆ میسر لەوێ سەرمایەکەی خستەگەڕ، هەروەها سەرمایەدارێکی تر بەناوی ئەبو حەسەن عەلی کوڕی ئەبوبەکر کوڕی سلێمان کوڕی ئیبراهیم دنبلیی یەکێک لە گەورە بازرگانەکان هەرنازناوی موسڵێ بووە بۆ کاری بازرگانی کۆچی کرد بۆ میسر(السلفی، ١٩٩٣، ٣٥؛ الكورانی الكردی، د.ت، ٣، ٣٥٥.؛ ابن نقطة الحنبلی، ١٩٨٩، ٥١١/٢، ٥٩٥), گەورە بازرگان و سەرمایەداری زۆری کورد لە هەولێر و ناوچەکانی تری خاکی کوردان لەم قۆناغە ڕوویان زیاتر ڕووە میسر بووە، بەهۆی بوونی دەسەڵاتی ئەیووبییەکان(الیونینی،١٩٩٢،١٢١/،؛ ابن المستوفی، ١٩٨٠، ٢٧٢/١؛ حوسێن، ٢٠١٣، ٢٦٧).

گرنگ نیە ناوەندی کۆچ کردن چەند دوور بێت، گرنگ ئەوەیە سیفەتاکانی پارێزگاری و ئارامی و هەبوونی سەرچاوەی دابینکردنی پێویستیەکان فەراهەم بێت(ویل دیورانت، ١،٢٠٠٧/ ٢٣ -٢٤، ٥٣ -٥٤، ٥٨، ٧١)، کۆچبەر بریاری کۆچکردن بدات سڵ لەهیچ نەکاتەوە، چەندین هۆکاری هاوبەشی کۆمەڵایەتی، دیمۆگرافی، ئابووری، کەش و هەوا و بایۆلۆژی، (Blazhevska, 2017,51)، هەروەها پێشهاتەی ئابووری بەهاوبەشی لەگەڵ پێشهاتەی کۆمەڵایەتی و جیۆپۆلۆتیکی لەپشت پاڵنەرە سەرەکیەکانی لێشاوەکانی کۆچکردنن.(Perez, 2015, 2).

بۆیە لەتێگەیشتنی ویل دیورانت ناوەندی کۆچ بە تەنها دابینکەری پێویستییە ماددییەکان نییە، دەرئەنجامی ئارەزووی قووڵی مرۆڤە لە لە پێناو مانەوە لە ژیاندا، گەشەکردنی ناوەندی زێرینە لە کات و شوێنی گونجاو کە پایەکانی ژیاری گەشەیان کردوە و ڕەنگدانەوەیان هەبوو لەسەر گەشەی هزری و ئاواکاری ڕەگی خۆی لێداکووتاوە. بەپرۆای دیورانت مرۆڤ وەک بونەوەرێکی گەشەسەندوی خاوەن فکر و ئاگا، بەردەوام لە نێوان جوڵان و جێگیر بووندا دەژیت؛ کۆچ وەک هێزی گۆڕانکاری لەژیان و جێگیر بوون وەک هێزی ئارامی و بنیات نان پایەی خۆی لەئاگایی و وشیاری مرۆڤ ڕەگی داکوتاوە .زۆربەی کات کۆچ ڕزگارییە لە قۆناغێکی تەنگانەی ژیان و ترسی نەمان، وەک هۆیەکە بۆ باشتربوونی دۆخەکە، چەقی

کۆچ هەوڵێکە بۆ کۆبونەوەیی ئەم جوڵەیە و گۆڕینی بۆ کێبڕکێ و ڕێکخستن و بەرهەم .(ویل دیورانت، ٢٠٠٧،١/ ٤٨- ٤٩).

لەو شێونەی مرۆڤ ترسی نامێنێ بیردەکاتەوە و هەوڵی گەشەکردن دەدات، واتا ئامانجی مرۆڤ تەنها مانەوە لە ژیان نابێت، چونکە بیر دەکاتەوە، بیرەوەریەکانی سەردەمی مەینەتی بیردەهێنێتەوە، گەشەکردنی خۆی گەورەتر دەبینێت، ناوەندی کۆچ شوێنی گۆڕانی کاتە بۆ قۆناغێک کە مرۆڤ ماهیەتی یادەوەریەکانی وەک دەسپێکی مێژوو دەبینێت نەک تەنها دووبارە بونەوەی شەو و ڕۆژ بێت، مێژوو لەناوەندی کۆچ لەدایک دەبێت و گەشەدەکات، چونکە ڕووداوەکان واتادار دەبن بەجێگای لێکدانەوەی و لەبارەیانەوە بەدوای وەڵام دەگەڕێن، لە هۆکارەکان دەکۆڵنەوە ناوەندانە کاریگەریيان لە دروستبوونی کۆمەڵگای جۆراوجۆر هەبوو، کە تێیدا بیر و کلتووری جیاوازەکان یەکترییان تێکەڵ کرد، بەم شێوەیە، ناوەندی کۆچ لە تەواوی مێژووی مرۆڤایەتی‌دا وەک هێزی پێشخەر بۆ گۆڕانکاری، گەشە و نوێبوونەوە کاریان کردووە، بەبێ ئەوان تێگەیشتنی مێژووی مرۆڤ و شێوازی گەشەی کۆمەڵگا ناتەواو دەبێت کاتێک ناوچەیەک گەشەی دەکرد بازرگانی ئامرازی نوێ بەهەرم دەهێنا وایدەکرد کاڵاکان لەم ناوچە بۆ ئەو ناوچە بجوڵێنن(ویل دیورانت، ٢٠٠٧، ١/ ٤٩- ٥١؛ ئیبن خلدون، ٢٠١٦، ١/ ٣٥٢-٣٧٨).

## سێیەم: هۆکاری زانستی

ناوەندی کۆچ گۆڕانکاری زۆر بەخۆیانەوە دەبینن بۆیە دیورانت ئاماژە بەوە دەکا کە هەرگیز جێگرینین، چونکە ناوەندی کۆچ ناوەندی شارستانیەتە و ناوەندی شارستانیەت ناوەندی هێزە و ناوەندی هێز ناوەندی دەسەڵات و دەوڵەتدارییە، ناوەندی دەوڵەتیش ناوەندی ئارامیە و ناوەندی ئارامیش ناوەندی ئاوەدانی یە، ناوەندی ئاوەدانیش ناوەندی پێشبڕکێ تواناکانی مرۆڤە، کەوایە لە جوڵەیەکی بەردەوام و بێ وچانە، ئەم ناوەندە جوڵەیەش لەسەر توانای خەلکی وەستاوە و بوون بە شوێنک کە تێیدا ژیانی جێگیر و کۆمەڵایەتی دەستپێکرد، بوونە هۆی ئەوەی مرۆڤ لە ژیانێکی سادەی پرکردنەوەی پێویستی بچێت بۆ قۆناغێکی کۆمەڵایەتی، بەڵام مانای ئەوەنیە کۆتای بەکۆچ بێت، بەلکو لەهەر شوێنێک ئاوەدانی گەشەی کرد ئارامیی بوونی هەبوو خەلکی ڕووی تێدەکەن، ئەم ناوەندانە دەبن بە ناوەندی زانست و گەڕان بەدوای وەڵامدانەوەی پرسیارەکان، بۆیە کۆچی فێرخوازن بەردەوامی هەبووە، زانستیش وەک یەکێک لە سەرچاوە پێویستیەکان مرۆڤکانی ناچار دەکرد لەو ناوەندانەوە کۆچ بکەن بۆ شوێنەکانی دیکە، بەم شێوەیە ناوەندی کۆچ بوونە خاڵی بڵاوبوونەوەی زانست و زمان، ڕەوشت، باوەڕ و نەریتە کۆمەڵایەتیەکان و شێوازی ژیان(ویل دیورانت، ٢٠٠٧، ١/ ١٦٧-١٧٢).)

ویل دیورانت پێی وایە زانست و زانیاری یەکێکە لە خولیاکانی مرۆڤ و لەهەمانکاتدا لەڕێزی پێشەکاندایە، ئەم پیشەیەش وەک مێژوو دەی سەلمێنت زیاتر لە ناوەندەکانی کۆچ و لە شارەکاندایە، بەم هۆیە

خەڵكێكی زۆری كورد ڕۆڵیان لەم ناوچانە كردووە كەبنكەی زانست و زانیاری بوون، ناوەندی كۆچ پەیوەندی بە ژینگە و خواردن نەبووە بەتەنها، بەڵكو بە هۆی گۆڕانكارییە سیاسی و كۆمەڵایەتییەكان و زانستیەكانیش گەشەیان كرد، جەنگ و گۆڕانكاری لە هێز و دەسەڵات و دەوڵەتداریی بوونە هۆكارێك بۆ ئەوەی ناوەندی كۆچ دروست ببن یان شوێنیان بگۆڕدرێت لەم قۆناغانەدا، كۆچ تەنها گواستنەوەی مرۆڤ نەبوو، بەڵكو گواستنەوەی بیر، زانست، پیشەكانی و ڕێكخستنی ژیانیش بوو، ناوەندی كۆچ بوو بە خاڵی تێكەڵبوونی ئەزموونە مرۆڤییەكان و پەیوەندیدار بە هەلی كار، خوێندن، پاراستنی ژیان كە بەدرێژای مێژووی شارستانیەت ژیانی باشتركرد (ویل دیورانت، ٢٠٠٧، ١/ ٤٨؛ ئیبن خلدون، ٢٠١٦، ١/ ٤٠٣-٤١٦)

نموونەی زۆر هەن لەبارەی كورد لەخاكی كوردان كۆچیان كردوە بەدوای زانست ڕۆیان لە ناوەندەكانی كۆچ كردووە، بەنموونە ئەبوبكر محەممەد كوڕی حەسەن كوڕی ئەبی جەید بەشنەویی "لە پیاوەكانی سەدەی پێنجەمی كۆچی /دەیەمی زایینی بووە، بەشێكی ژیانی خۆی لە جەزیرەی بۆتان بەڕێ كردووە، دواتر بۆ برەودان بە تواناكانی خۆی لە بواری زانست كۆچ دەكات بۆ شام و لە شاری قودس نیشتەجێ بووە،(ابن عساكر، ١٩٩٥، ١٢/١)ژیانی مرۆڤ جێگرنیە دەچێتە قۆناغێكی نوێ وا دەكات مرۆڤ پەی بەوە ببات كە ژیان تەنها بوونێكی سروشتی و بەردەوام یەكی دووبارە بوونەوە نیە، ژیان پرۆژەیەكی گشتگیر و ئالۆزەو پرۆژەیەكە پێویستی بە هاوبەشی زانست و فێربوون و پەروەردە و ڕێكخستنی یاسا هەیە، (ویل دیورانت، ٢٠٠٧، ١/٧١-٧٢)ناوەندی كۆچ لە بنەڕەتدا هەوڵێكە گەلێكی گشتگیر مرۆڤەكان بۆ دروستكردنی ناوەندی بەردەوامی دان بەپرۆسەیر بوون و، دواتریش پرۆسەی فێربوون ئەم پرۆسەیە بەشێوەیەكی هۆشیار گەشەكردووی مرۆڤ، كە یاسا هەستی پێبكرێت لەلایەن خەلكی؛ شوێنی هەست كردنە بەماندابوونی ژیانی .هەبوونی ناوەندی كۆچ تەنها گۆڕانێكی ژینگەیی یان كۆمەڵایەتی نیە، بەڵكو گواستنەوەیەكی فەلسەفییە لە ژیانی هەڵهاتوو لەترس و مردن بۆ ژیانێكی هۆشیار و واتادار و پر لە زانست.(ویل دیورانت، ٢٠٠٧، ١/ ٧٥، ٧٦، ٧٧، ٧٨؛ ئیبن خلدون، ٢٠١٦، ١/ ٤٢٨، ٤٣٤ ٦٨٥) هەر ئەم هەبوونی هەستی گەڕان بەدەوای زانست و ێل بوون بۆ گەیشتن بە وشیاری دەیان كوردی لەخاكی كوردان هانداوە لە هەموو ئەو ناوچەنەی وشیاری و زانست بەهای وەرگرتووە، دەستیان كردووە بەكۆچ بۆ ئەو شوێنانەی زانست لە ڕێزی پێشەكان بایەخی پێدەدرا و گەشەی كردبوو لێ (الذهبی، ١٩٨٥، ٣/، ١٢٦؛ ابن خلكان، ١٩٩٤، ٥٢/٣؛ بەهرامی نیا، ٢٠٠٩، ٢٢٩-٢٣٠، ٢٣٧-٢٣٨)و ئەمەش دەرخەری ڕاستیەكە كە كورد مرۆڤێانێكی تێداهەلكەوتووە كە زانست و زانیاری ئەوندە پر بایەخبوون هەمووشتێكیان لە پێناو جێهێشتووە، سەلمێنەری ئەوەش خاكی كوردان، ڕاستە كەسی زانست خوازی زۆری لێبووە بەڵام دۆخەكان هەرگیز لەبەرژوەندی مرۆڤی كورد نەبووە ببێتە خاوەنی ناوەندی كۆچ .


Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)
مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

## چوارەم: هۆکاری ئاینی

له مێژوودا، ئاین زۆر جار وەک هێزی ڕێکخستنی واتای مێژوو دەردەکەوێت، کە تێیدا کۆچ و دوورکەوتنەوە لە وڵات یان شوێنی سەرەتایی ژیان وەک بەشێک لە پلانی پیرۆز یان پرۆسەی تەواوکاریەکی مێژوویی تێگەیشتن، دەکرێت ئەم نموونانەش زۆرن زۆربەی میرانی مەهرانیی و پیاوەکانیان پەیوەندییان بە سوپای ئەیوبییەکان کرد ، بۆیە کۆچیان کرد بۆ میسر لەوێ خزمەتی باشیان بە ئیسلام کرد، دژی خاچییەکان، جێگەی ئاماژەیە کوردە مەهرانییەکان ڕۆڵی پێشەنگیان لە ڕزگارکردنی شاری قودس هەبووە ، لەوانە؛ "میر فەتحەددین ئەبو تاڵب حەسەن کوری عەبدوڵلا مەهرانیی (٥٦٨ك /١١٧٢ز). میر ئیبراهیم کوری حوسێن مەهرانیی لە ٥٨٣ك /١١٨٧ز کوژراوە (میر ئەیاز مەهرانیی )لە ٥٨٧ك / ١١٩٢ز کوژراوە و (میر دەرباس مەهرانیی هەروەها کۆمەڵێ لە لورە کوردەکان هەر لە سەردەمی سوڵتان سەلاحەددین، پەیوەندییان بە ئەیوبیەکان کرد، زۆربەیان بەم هۆیەوە لە شام نیشتەجێ بوون(الاصفهاني، د.ت، ٢٥٧؛ مؤلف مجهول، ٢٠١٠ ،١٧١؛ المنذری، ١٩٨٤، ٤/ ٣٢٥؛ ویل دیورانت، ٢٠٠٧، ١/ ١٣٣- ١٣٤).

تەنانەت ئاین هاندەرێکی بەهێز بووە کە خەلکی بەکۆمەڵیش کۆچ بکەن بەنمونە زۆربەی میرانی مەهرانیی و پیاوەکانیان پەیوەندییان کرد بە سوپای ئەیوبییەکان، بۆیە کۆچیان کرد بۆ میسر لەوێ خزمەتی باشیان بە ئیسلام کرد، دژی خاچییەکان. جێگەی ئاماژەیە کە کوردە مەهرانییەکان ڕۆڵی پێشەنگیان هەبووە لە ڕزگارکردنی شاری قودس، لەوانە؛ "میر فەتحەددین ئەبو تاڵب حەسەن کوری عەبدوڵلا مەهرانیی (م٥٦٨ك/ ١١٧٢ز)، میر ئیبراهیم کوری حوسێن مەهرانیی لە (٥٨٣ك/ ١١٨٧ز)کوژراوە، میر ئەیاز مەهرانیی لە (٥٨٧ك/ ١١٩٢ز) کوژراوە و میر دەرباس مەهرانیی(الاصفهانی، د.ت، ٢٥٧)ئاستی هزریدا، ئاین بۆ کۆچبەر واتایەکی زیاتر پەلکێشکەر دروست دەکات؛ چونکە بە هۆی بیرۆکەی قەدەر، تاقیکردنەوە و هێزی خودایی، جەنگ لە پێناو پەیامی خودا، مرۆڤ دەتوانێت ئازار و نامۆیی کۆچ لە واتایێکی گشتی‌تر و جیهانی‌تر تێبگات، ئاین وەک ناسنامەی مێژوویی دەردەکەوێت کە لە ناو ئەزموونی کۆچدا دووبارە خوێندنەوە و گۆڕانکاری بەسەردا دەچێت؛ واتا کۆچ نەک تەنها ئاین پارێزراو دەهێڵێت، بەڵکو دەبێتە بوارێک بۆ نوێکردنەوە، تێکەڵبوون و دروستکردنی شێوازە نوێکانی باوەڕ(ویل دیورانت، ٢٠٠٧،١ /١٣٠، ١٣١، ١٣٥ )، بەم شێوەیە، لە مێژووی بیرکردنەوەی مرۆڤدا، ئاین و کۆچ دوو هێزی سەربەخۆ نین، بەڵکو پێکهاتەیەکی هاوبەشن کە بەردەوام شێوازی تێگەیشتنی مرۆڤ لە بوون، مێژوو و داهاتوو دروست و گۆڕانکاری دەکەن، بە نموونە کاتێک بڕیاری جەنگ دژی خاچ پەرستان درا لەهەموو ڕەگەزەکانی عەڕەب، تورک و کورد بەشدار بوو(ابن الاثیر، ٢٠١٢، ٨/ ٤٩٦-٤٩٧؛ الصلابی، ٢٠٠٧، ١، ٢٣).


مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ / المجلد ١٦ / العدد ٥

ئایینە ئاسمانیەکان ڕێگەیان بەکۆچ داوە،کۆچ بەپاڵنەری ئاینی یەکێکە لە دیاردە گرنگەکان لە مێژووی مرۆڤایەتی، کە ناتوانرێت تەنها وەک ڕووداوێکی جوگرافیایی یان سیاسی تێببینرێت، لە زۆر کاتدا، ئاین وەک سیستەمێکی بیرکردنەوە و مانادان، هۆکاری سەرەکی بووە بۆ جوڵانەوەی مرۆڤ لە شوێنێک بۆ شوێنێکی تر، چونکە مرۆڤ نەک تەنها بەهۆی ژیانە مادديیەکانیەوە کۆچ دەکات، بەڵکو بەهۆی باوەڕ، ئامانج و تێگەیشتنەکانی لە مانای ژیان. (شعبان، ب.س ، ٤ ).

کۆچ بەبیر و باوەڕ و ئاینەوەپەیوەست کراوە، هێزێکی تر ویستیەتی باورەکەیان بنەبڕبکات، لەووڵاتێکی تر داوایان لە کەسانێکی هاوبیر و هەمان ئاینی خۆیان کردوە کە یارمەتیان بدەن زۆرجار وەک هێزێکی ناو ڕوداوە مێژووییەکان دەرکەوتن، چونکە بەرەنگاری و جەنگان لەپێناو خودایە ئەمەش دۆخێکی ئالۆز دەخولقێنێت کە ناتوانین پێوانەی هەستی پەیروکارانی ئاین بکەین لەبەرگری کردن لەباورەکەیان،، چونکە مرۆڤ کۆچ دەکات بۆ ئەوەی لە دۆخی نادادی هاوبەش نەیێت یان ژێردەستە نەیێت یانیش لە لەپێناو ئەم ئاینەی کە پرواى پێیەتی لەگەڵ هاوبەشانی بەرگری لێبکات دژی پەیرەوکارانی ئاینەکانی تر کە هەرەشەی لەناوبردنی بیروباورەکەی دەکەن، کوردیش لەو قۆناغە دیاریدەی کۆچ کردنی لە کۆچێکی سروشتی دەردەچێت بەبەراورد لەگەڵ قۆناغەکانی پێشووتر کە چەندین بنەماڵەی بەدەسەڵات و ناودار کۆچ دەکەن بۆ میسر و شام بۆ بەرگریکردن لە ئیسلام وەکو ناوەندی کۆچ و کەلتووری هاوبەش، ئەم جۆرە جوڵانەوانە وەک قۆناغێک لە گەشەی ڕۆحی مێژوو دەبینرێت، کۆچ لێرەدا تەنها گۆڕینی شوێن نییە، بەڵکو گۆڕینی شێوازی بیرکردنەوە و پەیوەندی مرۆڤ بە خۆی و جیهانەکەیەوە، چونکە کۆچی ئاینی دەبێتە هۆکارێک بۆ دروستکردنی ناسنامەی کۆمەڵایەتی، ئەو بارە کۆمەلایەتیە هۆیەکەی باورە ئەو باوەڕە دەبێتە بنچینەی یاسا، ڕێکخستن و هەست بە یەککگرتوویی .(ابن هشام، ٢٠١٠، ٢١٧ ، ٢٢٢، ٢٣٨، ٢٤٣، ٢٤٩؛ ابن اسحاق، ١٩٧٨، ١/ ٢١٣ - ٢١٧؛ ابن قيم الجوزية، ١٩٩٤، ١/ ٩٥؛ الصفدی، ٢٠٠٠، ٢٠/ ١٢٠؛ البنداری، ١٩٧٩، ١٠٠؛ ابن واصل،٢٠٠٩، ٤٥/٢؛ تۆفیق، ٢٠١٤، ٢٤-٢٥؛ محەممەد، ٢٠٢٠، ١٢٢-١٢٣.فاضل، ٢٠٢٥، ٧)

کەوایە ئەوە ڕوون دەبێتەوە ئاین پایەکی گرنگی دروستبوونی ناوەندی کۆچە ناوەندی کۆچیش ناوەندی جۆشدانی باوەڕە بەم شێوەیە، ئاین نەک تەنها پاڵنەری کۆچە، بەڵکو ڕێکخەری ژیان لە دوای کۆچەکەشە، دەتوانرێت بڵێین کۆچ بەپاڵنەری ئاینی لە مێژوودا وەک دیاردەیەکی ڕوحی و مێژووی دەردەکەوێت کە تێیدا مرۆڤ بەدوای مانا، ڕاستی و ئارامگرتن دەگەڕێت، هەروەها بەهاندانی ئەم ناوەندە کۆچانە بیری بەرگریشی دەگاتە ئاستی خۆ بەختکردن، ئەم کۆچە نەک تەنها گۆرانی شوێنە، بەڵکو گۆرانی شێوەی بوونە دەتوانێت مێژوو بجولێنێت،ناوەندی ئەم جولاندنە ناوەندی هێزی دەولەتە ئەویش لەو دەمارگیریە سەرچاوە دەگرێت کە دەمارگیری تایبەتی میرە گشت ئەوان بێ جیاوازی کۆدەکاتەوە بەرەوو ئامانج ئاڕاستەیان دەکا



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٥

وەکو هێزی ناوەندی کۆچ( ویل دیورانت، ٢٠٠٧، ١/ ٦٦- ٦٧، ١٣٠- ١٣١؛ ئیبن خلدون ، ٢٠١٦، ١/ ٣٨٥)

## تەوەری دووەم ناوەندەکانی کۆچ بۆ کردن

### یەکەم: شام

شام لەمێژوودا نەک تەنها ناوچەیەکی جوگرافی بوو، بەڵکو ناوەندێکی گرنگی ژیار بووە، ئەو شوێنە بوو بە دەروازیەک بۆ ئاشنایەتی نێوان کەلتوورە جیاوازەکان، بۆیە هیچ مرۆڤ و ڕەگەزێکی دەوراپشتی وەک غەریبە لەشام لێ نەدەڕوانرا، چونکە شام نەك وەك ناوەندێکی کۆچ بەڵکو بۆ خۆی جیهانێک بوو لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، شام وەک پردێک بوو کە هەنگاوی مرۆڤی ڕووە و شام ڕووە و دونیای ڕەگەز و هزر و بازاری کاڵا جیاوازەکان و مەیدانی بەریەککەوتنەکان بوو(علي، ١٩٢٥، ١/ ٢١٩! خماش، ١٩٨٧، ٤٢؛ جوني، ١٩١٩، ١٤؛ البهسني، ١٩٨٦، ٢٤؛ عبدالله، ١٩٨٠، ١١).

کوچکردنی ئەییوبییەکان لەتکریت بۆ موسل دواتریش بۆ شام کاریگەری زۆر گەورەی هەبوو لەسەر کۆچی زۆربەی کوردەکان هەم وەک پاڵنەر هەمیش وەکو پەلکێشکەر، بەنموونە کۆمەڵێ لە لورە کوردەکان لە سەردەمی سوڵتان سەڵاحەددین، پەیوەندییان بە ئەیوبییەکان کرد، زۆربەیان بەم هۆیەوە لە شام نیشتەجێ بوون(مؤلف مجهولدزت، ١٧١؛ المنذري، ١٩٨٤، ٣٢٥/٢؛ ابن خلكان، ١٩٩٤، ١/ ٢٥٧).

کاروانی کۆچکردن بەردەوام بووە لە هەرێمە کوردنشینەکان، نموونەیەکی تر؛ "ئەبوبکر محەمەد کوری حەسەن کوری ئەبی جەید بەشنەویی" لە پیاوەکانی سەدەی پێنجەمی کۆچی/ دەیەمی زایینی بووە، لە شاری قودس نیشتەجێ بووە، هەروەها "ئەبولفەزائیل قاسم کوری تاجەددین یەحیا" ناسراو بە؛ "زیائەددین شارەزووریی" (٥٣٤-٥٩٩ک/ ١١٣٩-١٢٠٢ز) کۆچ دەکات بۆ شام لەوێ لەسەر وەسیەتی مامی "کەمالەددین" لە جێگەی ئەو دەبێتە قازی شام، لە ساڵی (٥٩٩ک/ ١٢٠٢ز) کۆچی دوایی کردووە(ابن عساكر، ١٩٩٥، ١٢/ ١٢؛ الذهبی، ١٩٨٥، ١٢٦/٣؛ بەهرامی نیا، ٢٠٠٩، ٢٣٧-٢٣٨).

ئەحمەد کوری عەبدولسید کوری شعبان ئەربیلیی" (٥٧٢-٦٣١ک/ ١١٧٦-١٢٣٣ز) بە هۆی بوونی کێشەیێك لەگەڵ فەرمانڕەوای شاری هەولێر (اربل) موزەفرەددین کوکبری، ناچار بووە کۆچ بکات بۆ وڵاتی شام و پەیوەندی کرد بە ئەیوبییەکان بکات( الهسنیانی، ٢٠١٢، ٨٠-٨١)، ئیبنو ئەسیر"، "ئەبوفەتح نسروڵڵا ئەبی کەڕەم محەممد شەیبانیی" ناسراوە بە؛ "ئیبنو ئەسیر" (٥٨٨-٦٧٣ک/١١٩٢_١٢٧٤ز) خەلکی جەزیرەی ئیبنو عومەرە، بەڵام لەموسل دواتریش لە شام ژیاوە یەکێکی تر لە کەسایەتییەکان بە ناو تەقەیەددین سەڵاح"، "ئەبو عومەر عوسمان کوری عەبدولڕەحمان کوری مووسا کوردیی" لە ساڵی (٥٧٧ک/ ١١٨١ز) لە گوندی شەرخانی سەر بە هەولێر (اربل) لەدایک بووە بۆ شام کۆچیکردوە و لەوێ ژیاوە "حەسەن کوری سەعید کوری عەبدوڵڵا بنداریی" (م٥٩٩ک/ ١٢٠٣ز) ناسراو بە؛ (عیلمووددین شاتان) پەیوەندی بە (نورەددین

مەحموود)ەوە کرد، پاشان چووتە خزمەت سوڵتان سەلاحەددین بۆ بەدەستهێنانی زانست کە لە شارە گەورەکان ئاسانتر بووە بە بەراوردی شارە بچوکوکان، هەربۆیە خەلک کۆچ کردنیان کردۆتە ئامراز، ئەبو محەمەد کوری ڕزین کوری محەمەد موقریی دوینیی" (م٥٥٤ک/ ١١٤٩ز) خەڵکی شاری دوینی سەر بە هەرێمی ئازەربایجان بووە بۆ دیمەشق کۆچی کردووە، لەوێ نیشتەجێ بووە(ئیبن خەلدون، ٢٠١٦، ٢/ ٢٧٢؛ ابن الاثير، ١٠/ ٢٠٩؛ ابن خلكان، ١٩٩٤، ٣/ ٢٤٣-٢٤٨؛ ابن تغرى بردى، ١٩٣٦، ٦/ ١٩٨؛ السمعانى، ١٩٧٥، ٢/ ٥١٢-٥١٣).

شام وەک ناوەندی کۆچ، هێز و سەنگی خۆی هەبوو، بەڵام ئەم هێزە لە تێکەڵبوونی مرۆڤانەکانەوە دروست بو، شام نە خاوەنی تاکە ناسنامە بوو، بەڵکو ناسنامەیەکی کراوەی هەبوو کە هەمیشە گۆڕانکاری پێدا دەهات .مێژووی شام پیشان دەدات کە مرۆڤ لە گەشتدا خۆی دۆزیوەتەوە.

## دووەم : بەغداد

شاری بەغداد لە سەرەتایی دروست بونیەوە شێوەیەکی ستراتیژی هەبوو وەک ناوەندی شارستانیەتی ئیسلامی، نەک تەنها پایتەختی سیاسی، بەڵکو ناوەندیەکی گەورەی زانست و بیرکردنەوە بوو کە شارستانیەت و کۆچ بۆ کردن تێیدا یەکدیان تێکەڵ کرد .دامەزراندنی شارەکە لەسەر ڕێگای ڕووباری دیجلە، وای لێکرد کە ببێتە شوێنێکی گونجاو بۆ هاتن و ڕۆیشتنی مرۆڤان، بازرگانان، و زانستخوازان، ئەم جوگرافیایە بەغدادی کرد بە پردێک لە نێوان ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا، و لە نێوان جیهانی ئیسلامی و شارستانیەتەکانی دیکەدا.

لە ڕووی زانستەوە، بەغداد وەک ناوەندی شارستانیەت و ناوەندی کۆچ لەسەر بنچینەی گەشەپێدان دامەزرا، زانایان لە شوێنە جیاوازەکان وەک فارس، هەند، یونان، و شام کۆچیان بۆ کرد، زانیارییەکانیان لەگەڵ خۆیان هێنا .لە (بیت‌الحکمە) دا، ئەم زانیارییانە وەرگرتن، وەرگێران و پێداچوونەوەیان بۆ کرا، و لە کۆتاییدا بوون بە زانستێکی نوێی ئیسلامی . لێرەدا کۆچ تەنها گواستنەوەی مرۆڤ نەبوو، بەڵکو کۆچی زانست و بیرۆکە بوو(الخطيب البغدادي، ٢٠٠٤، ١٠/ ٣؛ ابن الفقيه، ١٣٧٧, ٦٧،؛ ابن جبير، ١٩٧٦، ١٩٣-١٩٤؛ شير فرنسي، ١٩٥٩، ٥؛ هنتس فالتر، ١٩٧٠، ٢٦، ٢٨؛ الدينوري، ١٩٦٠، ٣٨٣؛ ويل ديورانت، ٢٠٠٧،١/ ٢٠-٢٣).

ئەبوبەکر محەممەد کوری قاسم شارەزووریی"، لە ساڵی (٤٥٣-٥٣٨ک/ ١٠٦١-١١٤٣ز) لە هەولێر، دواتر بە هۆکاری زانستیی کۆچی کرد بۆ بەغدا، لە بەغدا کۆچی دوایی کرد و هەر لەوێ نێژرا، هەروەها زانایەکی تر بەناوی ئەبو محەممەد عەبدوڵلا کوری قاسم شارەزووریی" بەرنیاس ب "مورتەزا"، لە ساڵی (٤٦٥-٥١١ک/ ١٠٧٢-١١١٧ز) لە شاری مووسڵ لەدایک بووە، لەپێناو دەستبەرکردنی زانست و زانیاری کۆچی کرد بۆ بەغدا(ابن خلكان، ١٩٩٤، ٣/ ٥٢، ٦٨، ٧٠؛ بەهرامی نیا، ٢٠٠٩، ٢٢٩-٢٣٠)

چەندین زانای تری کورد کۆچیان کردووە بۆ بەغدا لەوانە یەحیا کوڕی عەلی کوڕی حەسەن ئەبو ئەسعەد بزازیی" ناسراو بە؛ "ئیبن حەلوانیی" لە ساڵی (٤٥٠-٥٢٠ک/ ١٠٥٨-١١٢٦ز) بە هۆکاری زانستی دەچێتە بەغدا، یەکێکی تر بەناوی ئەبو ڕەزا فەخرەددین سەعید کوڕی عەبدوڵلا کوڕی قاسم شەرزووریی(٥٠٥-٥٧٦ک/ ١١١٢-١١٨٠ز)بە هۆکاری زانستی دەچێتە بەغدا لەوێ زانستی فقهـی خوێندووە(ابن قاضی شهبه، ١٩٨٦، ٢٩٦/١؛ ابن خلكان، ١٩٩٤، ٧، ٨٥- ٨٦)

ئەندێشەی مرۆڤە ئەوداڵی بەدەستهێنانی زانینە، لە سروشتی خۆشییەوە بە فیترەت شتەکان نازانێت، هەمیشە دەیەوێت لەوانە فێربێت کە خاوەن ئەزموون و زانستن لە هەر بوارێك بێت، بۆیە مرۆڤ بەناچاری بۆئەوەی گەشە بەخۆی و توانستەکانی بدات بەناچاری دەگەڕێت و بەدوای ئەوانی دیکە کە لەو گەشەسەندووترن هەوڵی بەدەستهێنان و فێربوون لێیان دەدات (ویل دیورانت، ٢٠٠٧، ١/ ٢١، ٢٢، ٢٣، ٢٤؛ ئیبن خلدون، ٢٠١٦، ٢/ ٢٥٩-٢٦٠).

لە خاکی کوردان کۆچ کردن بۆ بەغدا کە مەڵبەندی زانست و زانیاری ئەو کات بوو، پرۆسەیەکی بەردەوام بوو تا وەک بتوانن پێویستییەکانی خۆیان لە بواری زانست و زانیاری تەواو بکەن، وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانەش وەربگرن کە لە زەینی ئەواندا کەلەکە ببوون و بێ وەڵام مابوونەوە، ژمارەیەکی زۆر چوون بۆ بەغدا ناوبانگیان دەرکرد لەم ناوەندەی کۆچە دەستەی فێرخوازی تایبەتی خۆیان هەبووە ئەمەش بەڵگەیە لەسەر زۆری ژمارەی فێرخوازە کۆچکردووەکان بۆ بەشاری غداد لەم قۆناغە لەنێوشیان کە لەپیاو گەورە بەدیارکەوتن، موتەڵیب کوڕی بەدری کوڕی موتەڵیب کوڕی زەهمان کوردیی" (٥٤٧-٦٢٤ک/ ١١٥٢-١٢٢٦ز) لە بەغداد بووە هەروەها "ئەبو نەسر ڕەیحانی کوڕی شیکانی دینەوەریی" لە دینەوەرەوە دەچێتە بەغداد (م٦١٦ک/ ١٢١٩ز)یەکێکی تریش بەناوی ئەحمەد کوڕی عوسمان کوڕی ئەبی عەلی کوڕی مەهدی کوردی زرزاریی"(م: ٥١٩ک/ ١١١٨ز) زانایەکی گەورە و پایەداری لە زانستی قورئان لێ دروستبووە ناوبانگی بەشاری بەغداد بەڵاوبۆتەوە( ابن خلكان، ١٩٩٤، ٥/ ١١٣- ١١٤، ٣٨٩- ٣٩٠؛ بەهرامی نیا، ٢٠٠٩، ٢٤٧-٢٤٩؛ البنداری، ١٩٧٩، ١٢٦؛ ابن مستوفی، ١٩٨٠، ٣٨، ٣٦٨؛ المنذری، ١٩٩٤، ٢/ ٤٥٩، ٣/ ٢١١؛ تۆفیق، ٢٠٢٢، ٣٠٤؛ الهسنیانی، ٢٠١٢، ٨٥).

ڕوون و ئاشکرایە زانست لەسەر بنەمای کێبڕکێ تواناکان لەنێوان تاکەکان سەرهەڵدات لەناوەندی کۆچ فێربوونی زانست لە ڕێزی پیشەکانە و بایەخی گرنگی لەلای خەلکی پێدەدرێت(ویل دیورانت، ٢٠٠٧،١/٢٣-٦٥، ٧٧؛ ئیبن خلدون، ٢٠١٦، ٢/ ٢٦١) ئامانە و دەیان نموونەی تر کە دەی سەلمێنن خەلکێکی زۆر لەم قۆناغە لەناو کورد کۆچی کردووە بۆ بەغدا کە ئەوەش سەلمێنەری دوو ڕاستیە یەکەم هەبوونی و شیاری لەناو کورد و پەیدابوونی بەهای زانست دووەم نەبوونی ناوەندێکی کۆچی خۆماڵی کوردی کە خاکی کوردان لەم ڕوە لە قۆناغێکی ساوادابووە بەنموونە کاتێک قوتابخانەیەک لە خاکی کوردان بنیاتنراوە وتراوە ئاوەدانی لەو پەڕی

گۆشەدایە ئەوەنیە لەو پەڕی کەناری وڵات قوتابخانە بنیاد دەنرێت(ابو شامة، ٢٠٠٢، ١/ ٩٨)، چەند فێرخوازی تری وەک یەحیاکوری عەلی کوری حەسەن ئەبو ئەسعەد بزاز"، ناسراو بە؛ "ئیبن حەلوانیی"(٤٥٠-٥٢٠ك/ ١٠٥٨-١١٢٦ز)، خدری کوری نەسری کوری عەقیلی کوری نەسری ئەربیلیی"(٤٧٨-٥٦٧ك/ ١٠٨٥-١١٧١ز) ئەحمەد کوری بەدران ئەبوبەکر حەلوانیی" (٤٢٠-٥٠٧ك/ ١٠٢٩-١١١٣ز) ئەبوقاسم هەولێریی" (٥٣٤-٦١٩ك/ ١١٣٩-١٢٢٢ز) کەمالەددین هەولێریی"، "ئەبولفەتح مووسا کوری ڕەزیەددین" ناسراو بە؛"کەمالەددین" (٥٥١-٦٣٩ك/ ١١٥٦-١٢٤١ز) کۆچ دەکەن بۆ بەغدا (ابن الجوزی، ١٣٥٩، ٩/ ١٧٥؛ الذهبی، ١٩٨٨، ٢٢٢؛ السبکی، د.ت، ٣٣٣-٣٣٤؛ ابن خلکان، ١٩٩٤، ٢، ٢٣٧، ٢٣٨، ٢٣٩، ج٥، ٣١١، ٣١٧؛ ابن قاضی شهبة، ١٤٠٧هـ، ٢، ١١٨؛ بەهرامی نیا، ٢٠٠٩، ٢٥١).

شاری غداد وەک ناوەندی کۆچ، بۆ زانایان فێرخوازان ناوەندێکی دڵخواز و پڕ ویست و ئارەزوو بوو. کەسانێکە بۆ فێربوون دەهاتن، لەم ناوەند تەنها فێری خوێندن نەدەبوون، بەڵکو فێری ژیانکردن لە شارێکی کراوە فرە کەلتوور دەبوون. ئەم فرە کەلتووریە مرۆڤ و بیرۆکە، پرسیار و وەڵام گەلێک گرێکوێرەی تریش دەکرد، زانستەکان بەردەوام لەگۆران و قولبووندان، لەم شارانە پرسیار لەدوای پرسیار سەهەڵدەدەن ئەمەش وادەکات هەمیشە ناوەندی کۆچەکەی گەشاوەتریێت. شارستانیەت لێرەدا بە بەردەوامی نوێ دەبێتەوە ناوەندی شارستانیەتیش بە هۆی زاڵبوون نا، بەڵکو بە هۆی تێکەڵبوون دەبێتە ناوەندی گەشانەوەی کۆچ( ویل دیورانت، ٢٠٠٧،١/ ٢٢- ٢٣، ٧٩، ٢٣٣- ٢٣٤ ؛ابن خلکان، ١٩٩٤، ٢/ ٢٣٧- ٢٣٩، ٥/ ٣١١، ٣١٧؛ ابن مستوفی، ١٩٨٠، ٣٨/ ٣٦٨ ).

بەغداد لە قۆناغی شارستانیەتی ئیسلامیدا وانەیەکی مێژوویيە بۆ زانست، نموونەیە بۆ ئەو شارانەی کە بتوانن ناوەندی کۆچ بن، شاری بەغداد بە حوجەرە و خانەقا و قوتابخانە و بیتالحکمەکەی، دەی سەلماند کە زانست لە شوێنێک گەشە دەکات کە مرۆڤ پرسیار و بیرۆکەی لەزەینی دێنەدەر دەبن بە جەدەل، بۆیە خەلکی فێرخواز کۆچ دەکەن چونکە وەک بازاری ناوەندی وەرگرتنی وەڵامی هەموو پرسیارەکانیانە لە تێکەڵبوونیاندا مێژوو دروست دەبێت.

### سێیەم: میسر

لەمێژوودا وەک ناوچەیەکی ئاسایی نەبوو، بەهۆی ئەوەی لە نێوان جوگرافیا و پێویستی مرۆڤدا هاوسەنگی دروست دەکرد بەهۆی نیل .ئەم هاوسەنگییە وای لە میسر کرد کە بێتە شوێنێک کە کۆچ کردن بێتە هۆیەکی پڕکردنەوەی پێویستیەکان.کۆچ کردن بۆ میسڕدا تەنها چون و ڕۆیشتن نەبوو، بەڵکو گەیشتن بوو بەناوەندی میرات و جیهانی کەلتورەجیاوازەکان( ویل دیورانت،٢٠٠٧، ١/ ٢١- ٢٤، ٦٦، ٧٨، ٢٣٤- ٢٣٥).

بۆ ئەم مەبەستەش لەم قۆناغە ناوەندی بەرگری و ئالێنگاری بوو کە لەسەرجیهانی ئیسلام هەبوو، ئەسەدەددین شێرکۆ بەرەو میسر ناردووە،

